# دیدارێك لەگەڵ سەید برایم

عەلی مەحمود محەمەد

کۆمەڵە هێزێکی سیاسییە سەردەمییانە مامەڵە دەکات لەگەڵ نەیاران و تەنانەت فراکسیۆنی یاخی لە خەت دەرچووی ڕیزەکان خۆشی , بەشێکمان ئەو ڕۆژانەمان لە یادە گروپی سەهەند پاش لێدانییان لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە , لە تارانەوە خۆیان گەیاندە کوردستان , نەك کۆمەڵە تەنها داڵدەیانی دا و بە هێزەکانی خۆی لە کۆماری ئیسلامی پاراستیانی , بگرە بەوەشەوە نەوەستان لە ماڵ و بارەگاو حیزب و سەرکردایەتی خۆشی کردیانییە شەریکە ماڵ . ئەنسارەکان چییان بۆ مهاجیرە قورەیشییە مەکییە ئیسلامەکان کرد لە مەدینە , کۆمەڵە زیاتری بۆ سەهەندییەکان کرد لە ئالانە. دوایش مهاجیرە قورەیشییەکان لە سەقیفە چییان بە ئەنسار و سەعدی کوڕی عەبادە کرد , بە هەمان شێوە سەهەندییەکان ئەو دەردەیان بە کۆمەڵە و سەرکردایەتییەکەی دا , کۆمەڵەیان بە شێوەیەك بەجێ هێشت هیچ دوژمنێك حەسودی بۆ ناخوازێت , ئەوەی لەگەڵ خۆیانا بردییان بردییان , ئەوەی دەستییان بەسەردا گرت و مسادەرەی سوری شۆڕشگێڕانە کرا هەموو عافییەت کرا , دوایش کەوتنە تەقەی ئایدۆلۆجی لێیان , بەڵام کۆمەڵە هەموو قینەکانی لە سینگدا زیندانی کرد و دانی بەخۆیدا نا و باوەڕ بە ئازادی کردە پراتیك .

دووەم جیابونەوەش لە لایەن هاوڕێیانی دێرینەوە بێ تەقە ئەنجام دراو ماڵ جیاکرایەوە , جیابونەوە لەسیاسەتدا وەك تەڵاق وایە تەنها ئەوەنەبێ بە بێ مارەییە .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەمە هەڵسوکەوت و کرداری کۆمەڵە بووە بەرامبەر نەیارانی تەنانەت کەرت کەرانی ڕیزەکانی خۆشی , دوو کەرت بوون یەك فیشەکی تێدا نەتەقا , هەمووشی بۆ هەڵوێستی پشوو درێژی سەید برایم گەڕایەوە .
لە پارساڵەوە دوو جار لە دوو بابەتی جیا جیادا داوای واز هێنانی بەڕێزان سەید برایم و عەبدوڵلای موهتەدیم کردووە لە سەرۆکایەتی هەردوو کۆمەڵە , نەك هەر ئەوەندە بەڵکە داوای لێپرسینەوەشم کردبوو لە گەڵیان بەرامبەر ئەوەی بەهۆی بێ ئەزموونی سیاسییانەوە کۆمەڵەیان بە ئاراستەیەکدا برد ئاکامەکەی بە پارچە پارچە بوون و لاوازی گەیشت .
هەروەها پێویستە سەرکردە گۆڕین لە ماوەی دیاریکراو ببێتە نەرێتی سیاسی لە کوردستان , سەرۆك بوون تا مردن ببێتە کلتوری ڕابردوو .
لە بەرامبەر هەردوو نووسینەکە تەنها بەڕێزێك لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشان وەلامی دایەوە .
ئەگەر ئەو شێوە نووسینە بەرامبەر بە هەر سەرکردەی پارتێکی کوردستانی باشور بەو پەڕی بچوك و ئازادیخوازییەوە بنوسرایا ئەوا نووسەرەکەی جاری جاران بوایە تەوریشی نەخواردایە ڕوناکی بۆ هەتا هەتایە نابینییەوە , ئێستاش بوایا ئەوا ئیعلانی جیهادی سیاسی لە دژ دەکرا و لە پڕوپاگەندەی سیاسی هەڵبەستراو لە بەرامبەری سڵییان ناکردەوە , بە جەستە نەیان کوشتایە بە پڕوپاگەندە هەناسەیان لە جەستەی ناهێشت , بەلام ئەو دوو لایەنە نەك لە گوڵ خراپتریان پێم نەوت بەڵکە لە بەشێك ڕاگەیاندنەکانییان نووسینەکەشمییان بلاو کردەوە .
من کە داوای واز هێنان و لێپرسینەوە دەکەم لەو بەڕێزانە , ئەم داواکارییە لە وەوە نییە قینی شەخسیم لێیان بێت و خەڵکانی دیکەم دەست نیشان کردبێت لەوان چاکتر بن بۆ شوێنییان , بەڵکە ئەگەر هەڵبژاردنی ئازاد لە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وولآتدا بكرێت و منیش هاونیشتمانی ئەو پارچەیە بم ئەوا دەنگی خۆمیان دەدەمێ , بە کەسایەتی سەید برایم و بە کوردستانی بوونی کۆمەڵە . بەلآم خۆشەویستی من بۆ ئەوان وەك مرۆڤ شتێکە و بە سەرۆك بوونی تا ئەبەدی ئەوان شتێکی کەیە , من قینم لە تاسەر بوونی سەرۆکیەکەیە نەك لە سمێڵ و ناوو نازناوییان .

سەید برایم هەرچەندە خۆی ئیعلانی دابڕانی لە پۆپۆلیستی کردووە و ئەمەی جاڕ داوە , بەلآم لە ڕەوشتدا کۆپی ئەو سەرکردە پۆپۆلیستە چەپانەی دەیەکانی ڕابردووە , یاد و یاداوەرییان بووە بە تقوسی پیرۆز , وەك جیڤارا لە پۆلیڤیا , لە چەشنی شەهید فوئاد و فەهد و ئارام . مرۆڤێکی سادە , خاکی , دڵسۆز , ڕاستگۆ لە گەڵ بیروباوەڕەکانی , بەلآم سەرسەخت بەرامبەر داکۆکی لە بیروباوەڕەکانی ,بە دەرزی شك نادۆزیتەوە لە قەناعەتە سیاسییەکانی, ئەمەی دوایی جێی ڕەخنەیە بۆ من .

ئەم تایبەتمەندییانەی کەسایەتی ئەو وا ناکات چاوپۆشی بکرێت لەو داخوازییەی کە نابێت بە سەرۆکی بمێنێتەوەو لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت بەرامبەر کەرت بوون و پاشە کشەی کۆمەڵە لە دوو دەیەی ڕابردوو .

برادەرێك داوای لێم کرد سەردانی سەید برایم بکەین , لەگەڵ کاك سەلاح مەزن پێکەوە ئامادەییمان دەربڕی , کەسایەتی کاك سەیدم نەناسییایە , منێکی دژ بە سەرکردە بە شێوەی خۆرسکی ئەو داواکارییەم ڕەت دەکردەوە .

کە گەیشتینە زڕ گوێز لە پێشوازیماندا بوو , دانیشتنێکی نۆرماڵ دوور لە ڕەسمییاتی سیاسییەکان , 19 ساڵ گۆڕان بەسەر کەسایەتی نەهاتبوو . وەك سەرکردەو گەورەو بچوکەکانی خۆمان نییە , غەزریوو , کەم دوو , پف دراوی سینگ دەرپەڕیوو , بزەی دروستکراوی گوێ مس تێکراو .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پاش کەمێك قسەو باس لەسەر بارودۆخ و چالاكییەکانی ناوەندی چاك , ووتی:- با باسی ئەو بابەتانە بکەین لەسەر ئێمەت نوسیووە , منیش لە وەڵامدا ر ڕەخنەکانم سەر تا خوار دووبارە کردەوە , ئەو سەرۆك بوونی تا ئێستای خۆی لە ئەستۆی خۆی لادا , ئۆباڵی ئەمەی خستە ئەستۆی کادیرانی کۆمەڵەو بەشداربووانی کۆنگرەکان . گفتوگۆکان ئەو سنورەشی بەزاند و بەرەو بە کوردستانی کردنی کۆمەڵە ڕۆیی . بەڵام وەڵامەکانی قەناعەتییان پێم نەهێنا , ماوەی سەرکردە بوون دەبێت دیاریکراوو بخرێتە پەیرەوو پرۆگرامی پارتەوە , نەك ویستی ئەندامان بێت .

جگە لەوەی سەید برایم مرۆڤێکی سادەو دڵ فراوانە بەرامبەر ڕەخنە , هاوکاتیش قوتابخانەیەکە بۆ ئەزموونی شۆڕشگێڕانە, لەو ئەزمونانەی لە جەرگەی دەیانساڵ تێکۆشان بە دەستی هێناوە .

نووسەر کاتێك هەست دەکات ئەو سەرکردانەی لە سەرییان دەنوسێت بابەتەکەی دەخوێننەوە , هەست بە بوونی خۆی دەکات , لە وەش گرنگتر لە بری دژایەتی کردن و سزا دانی میواندناریش بکرێ . لە کۆتایدا سێ داواکاریم لە بەڕێزی هەیە :-

1- لە کۆنگرەی داهاتوو خۆی هەڵ نەبژێرێتەوە .

2- هەڵسەنگاندنی ئەزموونی دروستکردنی حکا و کەرتبونەکان ناو کۆمەڵە .

3- کوردستانی بوون و ئێرانی بوونی کۆمەڵە بدرێتە بەر باس بخرێتە پرۆژەی کاری کۆنگرەی داهاتووەوە .

سەید برایم سەرۆکی کۆمەڵەش نەبێت کێشی سیاسییەکەی نەك دانابەزێت بەڵکە سەنگینتر لە جاران دەرەکەوێت بۆیە پێویستی بەو سکرتێرییە نییە .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com